پڕۆژەی ئینسایکلۆپیدیای کۆیە



کۆبەرهەمی بڵاونەکراوەی تاهیر ئەحمەد حەوێزی

ئەمین ئاغای حەوێزی (ئەختەر)

40701

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب : أمین أغای ئەختەر
نووسەر: تاهیر ئەحمەد حەوێزی
بابەت : ئەدەبی ـ دیوانی شیعر
پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی: پ.ی.د. دەریا جەمال حەوێزی
پێتچنین: شیاو سەرتیپ تاهیر جەڕاح
دیزاینی ناوەڕۆک: باوکی دارین
دیزاینی بەرگ: ڕێبەر سەرتیپ تاهیر جەڕاح
نۆبەتی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
شوێنی چاپ: کوردستان ـ هەولێر ـ کۆیە
چاپخانە : سەنتەری لاس ـ کۆیە

لێژنەی سەرپەرشتی چاپ: پ.ی. د. حەیدەر لەشکری، پ.ی.د.لوقمان وسو عمر، پ.ی.د. دەریا حەوێزی، هۆگر رسول أحمد، ڕێبەر سەرتیپ.

لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە ـ ژمارە (٢٩)
پاشکۆی ئینسایکلۆپیدیای کۆیە

سەرنج: زانکۆی کۆیە دەستنووسەکانی مامۆستایانی مێژوونووس وەک خۆی چاپ دەکات، زانکۆ بەرپرس نییە لەناوەڕۆکی کتێبەکان.

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی نووسەر

لەدەمێکەوە خەریکم ناوارانی کورد بنووسمەوەو دەرفەرت ببێ بەچاپیان بگەیەنم، هەر شارو هەر شوێنە، لەچاو خۆی و شوێنی تر بەشی خۆیان هی وایان لێ هەڵکەوتووە کە کاریان لەژیانی خۆیان و کۆمەڵ کردووە، ڕۆژگار نا، بەڵکو کاریان لەگۆڕینی مێژووش کردووە، (أمین أغا)ش یەکێکە لەو ناوارانە.

ئێمەی خزمەکانی زۆرمان پێ سەیرە، پیاوێکی وەک (أمین أغا) وە یا زانایەکی وەک (مەلای گەورەی کۆیە) بەناوی شیعرەوە ناویان بێتە ناو ناوان، لەگەڵ ڕێزگرتنمان بۆ شیعرو شاعیران. ئەو چەشنە پیاوانە لەچەرخێکا ژیاون، دنیاداری بۆ پیاوی وەک أمین أغا، و عیلم و زانست بۆ پیاوی وەک مەلای گەورە لەباو بووە، مەلایەک هەر دەمی لەشیعران بدابا زۆر لەڕیزی عالیمان دانەدەنرا، و أغایەک هەر خەریکی شیعران با، بەسەرۆک و سەردار نەدەژماردرا.

أمین أغا سۆزێکی دەروونی هەبووە، هەودسی چوویتە سەر شیعران، باوکی ئەوندەی مالی دونیا بۆ بەجێهێشتبوو پەکی لەسەر هیچ نەدەکەوت، ئەم خاوەنی دوو دیوانان بووە، دیوانی شیعرو دیوەخان، کە جێی بڕیاران و ناندان و بەزم ڕەزم بووە.

دیوانی هەڵبەستەکانی وەک فەوتا بی وایە، هەر هەڵبەستەی پارچەیەک بووە لەدل و دەروونی، وە سۆزو ئاهی جگەر هەڵقرچانی بەئاشکرا لێ دیارە، هەموو جارێ کە باسی (طاهر بەگی جاف) و شیعرە غەراميیەکانی دەکراو

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

(سەید عەلی ئەصغەری کوردستانی) کە غەزەلەکەی (ئەی ڕەفیقانی تەریقەت، دەردی عیشقم چارەکەن)، بەدەنگە خۆشەکەی - دەنگخۆش و هەڵبەست بەسۆز - منیش (أمین أغا)ی خۆمانم بەبیر دەهاتەوە، بۆ هەڵبەستەکانی زۆر بەپەرۆش دەبووم، وا دیارە هەردووک ئەولادی نازیی بەیەک چەشنە ژیاندا تێپەڕیوون[1].

لەبەر وشەی (ئەختەر) کە ئێستا ناوی ئافرەتانە، گەلێ نەناس وا تێدەگەن کە (ئەختەر)ی شاعیر ئافرەتە، کەم شاعیری کورد ناسناویان کوردی بووە، ئەگەر کوردیش بووبێ لەهەستێکی نەتەوایەتی نەبووە، وەک ئێستا کراوەتە ڕێڕەو، (ئەختەر) ئەستێرەیەن مەبەست بۆ بەخت و شادی بووە. وەک گوتراوە: (فلان ئەستێرەی لەلێژی یە یان لەبلندی یە).

لەسالانی (١٨٦٩) ڕۆژنامەیەک بەفارسی لە(ئەستەنبۆل) دەردەچوو بەناوی (ئەختەر) و زۆر بڵاوببۆوە، ئەمەو زۆر ڕۆژنامەی تر بەپێی چەند غەزەلێکی وا دیارە (أمین) یان (أمینی) بەکارهێناوە.

لەسالی (١٩٣٠) لەدەلاقی ژوورێکی ماڵەوەی (أمین أغا) لەناو تۆزو خۆڵدا بەیازێکی دەست خەتی شیعران دۆزراوەتەوە. ئەو بەیازە دەکەوتە دەست (محمد نافع عبدالفتاح أغا)ی ناسراو بە(ڕۆستەم)، ئەویش لەدەفتەرێکا هەمووی دەنووستەوە، لەبەر بەپەلەنووسینەوە خەتەکەی باش ناخوندرێتەوە، بەڵام ئەو هەموان لەبەردەکا، بێ لەهەڵبەستەکانی (ئەختەر) هی (فائق، نالی،

---

[1] ئەمین ئاغا لەهەندێ هەڵبەستی غەرامیدا هیچ لەو ناوەشێتەوە. بەڵام وەک خۆی فەرموویەتی: (سۆزی عەشق لەلای لەسەرووی هەمووانەوەیە).

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

وەفایی، حاجی قادر، کەیفی) تێدا بووە، بەیازەکە زۆر دەستی کرد، ئیستا نازاندرێ چی بەسەرهاتووە.

من هەڵبەستە کوردی و فارسییەکانم بەزۆری لەو دەفتەرە پەڕپووتەی ڕۆستەم ئەفەندی وەرگرتووە، چونکو (٥٠) ساڵ زیاترە خەریکی شیعر کۆکردنەوەو لەبەرکردنیانە، وە لەخزمەکانی تر کە زۆر بەتەنگ أمین (أغا)ەوە بوون: (مەلا ڕووف أغا، إسماعیل أغا، سەعید ئەفەندی، کوڕانی سەلیم أغای أمین أغا ـ کە زۆر خوێندەوار بوون ـ ، وە کەریم ئەفەندی مستەفا أغا کە بە(شارەزا) ناوی کردووە، بەڕێزەوە ناوی خستوونە کتێبی (کۆیەو شاعیرانی ـ بەرگی یەکەم). وە (عبدالرزاق بیمار) لەگۆڤاری (هەتاو) زۆری لەسەر (أمین أغا) نووسیووە، وە (ئازاد عبدالواحید) خۆی زۆر ماندوو کردووە، لەکۆیە زۆر شتی دەرهەق (أمین أغا) دەست کەوت، لەساڵی ١٩٦٧ لەهەولێر کتێبێکی چاپ کرد بەناوی (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری)، وە لەتەلەفزیۆنی کەرکوک کۆڕێکی لەسەر مێژووی ژیانی ئەدەبی (أمین أغا) گرتبوو.

هەروەها (علی کمال باپیرأغا) بەناوی (شاعیرە ناو ون بووەکانی کورد) لەسلێمانی لەساڵی ١٩٧٣ چاپی کردووە، ـ وەرە (أمین أغا)ش لەناو ون بووەکان دابندرێ؟! ـ ، وە چەند کەسانێکی کەش لەجەرگسۆزی و ئەدەب دۆستییان باسی (أمین أغا) یان کردووە، (أمین أغا)ش لەشاعیرە بەرزەکان دەژمێردرێ، زۆر شیعری وەک زۆر شاعیری تر فەوتاوە.

گوێندەکانی کۆیی تا ساڵی (١٩٦٠) هەموویان هەڵبەست و ئاوازەکانی (أمین أغا)یان دەزانی، وەک: (سێوە، مەلا أسعد، أحمدی حەمەی مەلای، قادر حمد،

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

حاجی قادری پەڕەکەر، عەلی سەمەنێ، مەلا أحمد، و گەلێکی دی، لەهەموو مەولودو ئاهەنگێکا بەسۆزو زەمزەمە، هەڵبەست و ئاوازەکانی (أمین أغا) یان دەگوت.

لەم دواییەدا (تیپی باواجی) زۆر ئاوازی فۆلکلۆرییان ژیاندەوە، بەڵام بەرامبەر بە(أمین أغا)ی ئومێدی پتریان لێ دەکرێ، چونکو (أمین أغا) بەماموّستای ئاوازدانان دەژمێردرێ.

بەداخەوە ئەو پیاوانە نەماون، وەک: عەولاغا، جمیل أغا، مەلای گەورە، حاجی محمدی عەلەی، أحمدی صادق أغا، مصطفی أغای محمد أغا، و زۆری دی، تا باسی (أمین أغا)مان بەتێری بۆ بگێڕنەوە، ئێستاش لەدوو چوان نەچین، منیش خزمێکی (أمین أغا)م بەقەدەر توانا وا شتێکم نووسیەوە، بەکرچ و کاڵی و ناتەواوی، دەبی مێژوو هەر ڕووی خۆی بڕنتەوە.

زۆر سوپاسی (کەریم شارەزا) دەکەم هەمووی خوندەوە، زۆر چەوت و چێڵی بۆ ڕاست کردمەوە. وە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە قسەم لێ وەرگرتوون، بەتایبەتی باوکی خوالێخۆشبووم.

لەڕۆژی چوارشەموو (١٩٨٠/٨/٦ = ٢٦/ ڕەمەزان / ١٤٠٠) دەستم بەنووسینەوەی کرد، لە(١٩٩٠/٢/٢٨) لەجاری پێنجەم نووسینەوەی بوومەوە.

ئەوە پێنج جار بینووسمەوە، هەر بۆ ئەمەی عەیبدار نەبم و گلەییم نەیەتە سەر، بریا چەندجاری تریشم بنووسیباوە، تا پتەوتر ببا.

لەڕۆژی دووشەموو (١٩٩٧/٦/٩) پێیداچوومەوە.

طاهر أحمد حویزی - کۆیە

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library